سوپای سودان بەردەوامە لە پشەویەکانی لە پایتەخت بەرامبەر هێزەکانی پشتیوانی خێرا

ئاژانسی عەرەبیە رایگەیاند، سوپای سودان بەردەوامە لە پشەویەکانی لە پایتەخت بەرامبەر هێزەکانی پشتیوانی خێرا و بارەگای بانکی ناوەندیی کۆنترۆڵکردووە.

ئەمە شەممە ٢٢ـی ئازاری ٢٠٢٥، ئاژانسی هەواڵی عەرەبیە لە زاری دوو سەرچاوەی سەربازییەوە بڵاویکردەوە، سوپای سودان توانیویەتی پشەوی زیاتر بکات و بەشێك لە شوێنەکانی ژێر دەسەڵاتی هێزەکانی پشتیوانی خێرای کۆنترۆڵکردووە لەنێویاندا بارەگای بانکی ناوەندی وڵاتەکە.

ئەوەش دوای ڕێژێک دێت کە سوپا کۆنترۆڵی تەواوی کەشکی سەرکیی کرد، ئەوەش دەبێتە دەستکەوتێکی گەورە لە ململانێی دوو ساڵە لەگەڵ هێزەکانی پشتیوانی خێرا، کە هەڕەشەی دابەشکردنی وڵات دەکات.

دوێنێ هەینی وەزارەتی دەرەوەی سودان لە بەیاننامەیەکدا رایگەیاند، سوپا و هێزە پاڵپشتیکارەکان کەشکی کەماری و بیناکانی وەزارەتەکانیان سودان، ناوەندی خەرتومی پایتەختیان کۆنترۆڵکردووە.

ئاماژەی بەوەشکردووە، ئەو سەرکەوتنە بە ئەوان دەستکەوتکی گرنگە و بە دوژمنانیان و ئەو وڵاتانەی دەستیان لە کاروباری وڵاتەکەیان وەرداوە لەناوچنی پیلانگێییەکەیانە.

ئەمش لە کاتکدایە، زیاتر لە دوو ساڵە جەنگی ناوخەی سودان بەردەوامیی هەیە، بە گوێرەی ئامارکی نەتەوە یەکگرتووەکانیش، دەیان هەزار کەس کوژراون و و زیاتر لە ١٢ ملیۆن سودانیش بەهۆی جەنگەکەوە ئاوارە بوون.